پارتی سەربەخۆیی کوردستان
INDEPENDENCE PARTY OF KURDISTAN

# رەوشی کوردستان و
# بزوتنەوەی کوردی

لێکدانەوەی کۆنگرەی پێنجی پارتی سەربەخۆیی کوردستان
(کۆنگرەی هیوا)

# ڕەوشی کوردستان و بزووتنەوەی کوردی

کە باس لە کوردستان دەکرێ، مەبەست کوردستانی گەورە و ئەو جوغرافیایەیە کە لە نێوان چوار دەوڵەتی تورکیە، ئێران، عێراق و سوریە دابەش کراوە. حەوزەی شارستانییەتی زاگرۆس هەر لە کۆنەوە مەڵبەندی ژیان و(حکومەتەکان) بووە و یەکەم دامەزراوەی حکومەتیش یان بەجۆرێکی دیکە "شار دەوڵەتەکان" لەم نیشتمانە سەری هەڵداوە و بە درێژایی مێژوو شوێنی شەڕ و بەرگری و دەستاودەست کردنی دەستەڵات و پێکدادان بووە.
"ڕۆژهەڵاتی ناڤین یان (الشرق الأوسط) "دوای هاتنە ئارای پێناسەی ئەو ناوچەیەی کە کوردی تێدا دەژیا و لە نێوان ئەو چوار وڵاتە بەگشتی سەرقاڵی خەبات و بەرگری ڕەوا بۆ (هەستاندنەوەی) مافی خۆیان بوون، بەرەو ئاقارێکی دیکە چوو و ڕوانین و مکانیزمی داگیرکاری گۆڕانکاری بەسەرداهات. کۆڵۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی لەبەر هەبوونی کانزای ژێرزەوی، وزە(نەوت،گاز و...)، ناوچەیەکی دەست لێنەدراوی ساماندار و دەوڵەمەند لە هەموو بوارێکەوە و (ڕۆژهەڵات ناسی) هەوڵی دا وێڕای بۆ خولّقاندنی زانستێکی نوێ مژتنی خوێنی ئەو ناوچانە ئەو مەڵبەندە جوانە دابەش بکا و تەنانەت ئیزنی بەخۆیدا چەندین دەوڵەت نەتەوە دابمەزرێنێ و لەم نێوەشدا کورد وەک نەتەوەیەکی زوڵم لێکراوی بێبەش پشت گوێ بخا و کایە بە چارەنووسی دەیان ملوێن کورد بکا کە زیاتر

خۆی لە کۆڵۆنیالیستی وڵاتانی ئینگلیس و فەرانسەدا دەبینێتەوە.
ساڵی ١٩١٦ دوو نوێنەری ئەو وڵاتانە بەناوەکانی "سایکس و پیکۆ" بە دڵی ئیستعمار و لەبەرچاوی مەزڵوومیی کوردان و کەیف خۆشی گەلانی داگیرکەر جارێکی دیکە هێڵی سنووری ئەو نیشتمانیەیان کێشایەوە و کوردستان پارچەپارچە کرا. دیارە بەر لەو کاتەش خەباتکارانی کورد بەردەوام هەوڵی ئەوەیان دابوو چ بە جووڵانەوەی نیزامی چ بە دیالۆگ و شێوازەکانی دیکەی خەبات بە لانیکەمی بەشی خۆیان بگەن بەڵام وڵامیان بە چەک و کوشتن و فێڵ و گزی دابوویەوە و دوو حکومەتی ئەوکات کە کوردستانیان لەنێوان خۆیان دابەش کردبوو(سەفەوی) و (عوسمانی) لەسەر هیچ پرسێک کۆک نەبان لەسەر کەیسی کورد یەک دەنگ و یەک هەڵوێست بوون و بەردەوام بە چەوساندنەوەی ئاگاهانە گەلی کوردیان بەشێوەی نەرم و ڕەق ئاسمیلە دەکرد. شۆڕشەکانی گەلی کورد ئەمجارە لە هەرکام لە پارچەکانی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر بەتایبەتمەندی خۆیان (هەر پارچەیەکی کوردستان تایبەتمەندی خەباتی سیاسی خۆی هەبووە و هەیە و بە جیا دەکرێ شرۆڤە بکرێن) دەستیان پێکرا و دوای دامەزرانی دەوڵەت-نەتەوەکان لەو چوار وڵاتە خەباتێکی سەخت و بێ پسانەوە دەستی پێکرد کە سەرکردایەتییەکی خۆیان لە چوارچێوەی عەشیرەت، شێخ، ئاغا و... دەدیتەوە بە دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوە مۆدێرنەکان لەوانە "ژێکاف" ١٩٤٢، "حیزبی دێموکراتی

کوردستان" ١٩٤٥ و ساڵێک دواتر "پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق" ١٩٤٦ . بەجیاوازی خەبات و جۆری بەگژداچوونەوەی وڵاتانی ناوەند لەلایەن کوردەوە چووە قوناغێکی نوێ و دامەزراندنی یەکەم حکومەتی دێموکراتیکی کوردستان لە مەهاباد هەستی ناسیونالیستی و گەشەی باوەڕ بەخۆبوونی کوردانی لە هەموو شوێنێک بەرز کردەوە و بە خولقاندنی چەندین هێمای وەک سروودی نەتەوایەتی، هێزی پیشمەرگە، ئاڵا و... هەتا ئیستاشی لەگەڵ دابێ وەک خوێنێک لە دەماری هەموو کوردێکی ناسیونالیست و شوناس خوازدا دەگەڕێ.

## باشووری کوردستان

لەم بەشەی کوردستان کە بریتییە لە پێنج پارێزگای"کەرکووک، هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە"(دیارە پارێزگای کەرکووک وەک ناوچەیەکی دابڕاو لە کوردستان و هەڵەبجەش بە نافەرمی لەلایەن بەغداوە ماوەتەوە) بە شێوەیەکی نەریتی لە نێوان دوو حیزبی سەرەکی "پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان" دابەشکاری زۆرینەی دەستەڵاتەکان کراوە. هیچ گومان لەوەدا نییە کە، مێژووی ئەو دوو حیزبە بۆ ئەو بەشەی کوردستان و ڕزگاری نیشتمان پڕ بووە لە فیداکاری و خەبات، بەڵام دوای ساڵی ١٩٩١ەوە کە باشووری کوردستان بە جۆرێک لە دەسەڵاتی هەرێمی گەیشت و بوونە خاوەن پارڵمان و دامودەزگای ئیداری و دامەزراوەی حکومەتی و دواتریش لە ٢٠٠٣ بە ڕووخانی حکومەتی بەعسی سەدام حوسێن لەلایەن( هێزەکانی ) هاوپەیمانانەوە بە سەرۆکایەتی وڵاتی ئەمریکا، ئەگەر تەنیا ڕادەی هەڵبژاردنەکان بکەینە پێوەر وەک ڕادەی متمانە و خۆشەویستی خەڵک بۆ حکومەت، هەردێت و ئەو متمانە و خۆشەویستییە کەمتر دەبێتەوە. کە زۆربەی بۆ لایەنی ڕەخنە و گازندەی خەڵک لە شێوەی دابەشکاری نادادپەروەرانەی سامان و دەستەڵات دەگەڕێتەوە. دوای چەندین دەیە لە حکومەت و هاوکارییەکی بێ ئەژماری وڵاتان بۆ کەرتی خزمەتگوزاری، تەندرووستی، پەروەردە

و... بەداخەوە ڕەوشی کارەبا، ئاو، قوتابخانە، نەخۆشخانە و ساخلەمی، ڕێگاوبان و ... وەک پێویست نییە و ڕوانینی دوو ئیدارەیی و ناوچەکانی سەوز و زەرد بە ڕوخساری شار و ئاوایەکانەوە دیارە! نەبوونی سیستەمی بوروکراسی بەو مانایە کە هەرکەس بە تایبەتمەندی و شارەزایی خۆی لە شوێنی کارەکەی خۆی بێ، دیاردەی سەرتر بوونی "روابط بر ضوابط" وای کردووە کۆمەڵگای کوردی باشوور لەم شێوە حاکمییەتە بێزار بن و تەنات کار گەیشتوتە ئەو جێگایە زۆرێک لە گەنجان و لاوان وەک وڵاتانی ناپێشکەوتوو و دیکتاتۆر، نیشتمانی خۆیان بەجێ دێڵن و بەرەو هەندەران دەچن ئەوان پێیان وایە لەم سیستەمەدا هیچ دوارۆژێکی گەشیان نییە و بێ( هیوایی) بەسەریاندا زاڵە، هەروەها بێ ڕێزی یان هەرنەبێ خەمساردی بەنیسبەت هێما نەتەوەییەکان جێگەی نیگەرانییە و ئاڵای پیرۆزی کوردستان وەک پەڕۆ ناودێنن و پێشمەرگەش کە هەمیشە لە مێژووی بەرخودانی گەلی کورددا وەک هێمای بەرگریکارێکی قارەمان و فیداکاری ناسراوە بە ناوناتۆرە و نەشیاوی باسی دەکرێ. پرۆسەی بە عەرەبکردن وەک کاتی سەدام و بگرە زیاتر لە ناوچە دابڕاوکان بەڕیوە دەچیت ڕۆژانە جوتیارانی کورد بە هێزی چەک و دەسەڵاتی ناوەندیی عێراق لە سەر زەوی و زارەکانیان دەر دەکەن و عەرەبی هاورد دەخەنە شوێنەکانیان مادەی ١٤٠ کە مادەیەکی دەستووریە لەلایەن دەسەڵاتی هەرێمەوە بایەخی ئەوتۆی پێنەدارا و دەسەڵاتی

هەرێم گوێی خۆی لێ خەواندوە و هەوڵێکی جیدی بۆ نەدراوە. زمان کە پێناسەی هەر نەتەوەیەکە لە دەسەڵاتی هەرێمدا لەباتی ئەوەی خزمەتی بکەیت ،هەوڵی بۆ بدرێت و پەرەی پێ بدرێت. پرۆژەی زمانی یەکگرتوو لەباتی ئەوەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە وەک دەسەڵاتێک کە هەموو پارچەکانی کوردستان بە گشتی هیوایان لەسەر دارِشتبوو بایەخی تایبەتی پێبدرایەت، بودجەی تایبەتی بۆ تەرخان بکرایەت، ئامادەکاریی بۆ بکرایەت، کەچی زمان و ئەدەبی کوردی بە بەرچاوی دەسڵاتەوە لە دزگا ڕاگەیاندنە حیزبی و فەرمیەکان بە شێوەی هەڵە بەکار دێت و شێوێندراوە. هۆکارە ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەکان بە حیزبی کراوە.

ڕۆژانە زیاتر و زیاتر خانوو موڵک و خاکی کوردان بە نەتەوەکانی دەرەوەی کوردستان بەتایبەت نەتەوەی عەرەب دەفرۆشدرێت و لە کوردستان نیشتەجێ دەکرێن. ئەم دیاردەیە لە داهاتوودا دەبێتە بەڵا لەسەرمان و دەبێتە هۆی گۆڕینی دیموگرافی شارەکانمان. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو کەموکۆڕیانەی کە لە باشوور هەیە و ڕەخنەی جددی هەڵدەگرێت کۆمەڵگا لە ڕیفراندۆمی ساڵی ۲۰۱۷دا ئەوەی سەلماند، وێڕای ئەوەیکە ڕەخنەیان لە حکومەتە بەڵام بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان لە مەیدان دان و نزیک سەدا ۹۳ی خەڵک دەنگی ئەرێیی بەم گشتپرسییەدا و سەلماندیان کە ئاواتی کوردان سەربەخۆییە وەک مەزنترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لە هەموو جیهان. (هەڵبەت هەر

ئەم گشتپرسییەش وایکرد کە کوردستان بەشی هەرە زۆری خاکی خۆی لەدەست بدا و چی وای نەمابوو تێدابچێ!)

# باکووری نیشتمان

باکووری کوردستان (تورکیە) مەزنترین پارچەی کوردستانە کە زیاترین ڕادەی حەشیمەتیی کوردی تێدا دەژیت و لە دوای دامەزرانی دەوڵەتی تورکە لاوەکان بە سەرکردایەتی مستەفا کەماڵ(ئاتاتورک)(١٩٢٣ ز) هەتا ساڵی ١٩٣٨ چەندین بزووتنەوەی مافخوازی سەریان هەڵدا بەڵام هەرکام لەوان بە هۆی فێڵ و گزی و نایەکگرتوویی و خیانەتی خۆیی تووشی داڕمان و شکان بوون و کارەساتی وەک "گەلی زیلان" و خاپوورکردنی سەدان ئاوایی و ئاوارەیی و گۆڕینی دێموگرافیایی لێ کەوتەوە کە بەوپەڕی بێ بەزەییانەی لەلایەن دەوڵەتی فاشیستی تورکەوە کوردەکان دەچەوسانەوە و وەک "تورکە کێوییەکان" پێناسەیان بۆ دەکرا و بەردەوام سەرکوت دەکران و لە قۆناخێکدا تەنانەت قسە کردن بە زمانی کوردی یاساغ بووە، دوای ئەو شۆڕش و بزووتنەوەوانەی کورد، ڕێکخراوە مۆدێرن و حیزبەکان بە شێوازی نوێ دەستیان بە خەبات و جموجوڵ کرد بەڵام لەبەر دڕەندەیی تورکەکان وەک پێویست نەیانتوانی چالاکی بکەن بەڵام نەشیانهێشت گڕی بەرخودان و ڕابوون بکوژێتەوە و هەردەم لە گەشەدابوو، دوای کۆتایی دەیەی ٧٠ی سەدەی بیستەم بە ئاڵوگۆڕەکان لە دەستەڵات و کودتا بەردەوامەکان و دامەزراندنی حیزبێکی نوێ (پ ک ک) خەباتی کورد لەو بەشە قوناغێکی نوێی

دەست پێکرد بەڵام شەڕە نابەرامبەرەکان و هێزی زەبەلاح و کۆک و پوشتەی تورک بەردەوام هەوڵی سەرکوتی خەباتی ڕەوای کوردی دەدا. بە هاتنی سەرکاری ئەردوغان و کرانەوەی فەزایەکی نوێ کورد لەوبەشە پشوویەکی هاتەوەبەر و لاپەڕییەکی زێڕین لە خەباتی مەدەنی دەستی پێکرد بەجۆرێک توانی سەرنجی وڵاتانی ئوروپایی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و پێشکەوتووترین شێوازەکانی کۆمەڵگای مەدەنی تێدا دەبینرا و بە تێپەڕین لە یاسای بەربەستی ١٠ لەسەدی هەڵبژاردنەکانی پارڵمان توانیان بەشداری حکومەت بکەن و کورد لەو بەشە بە لەونێکی دیکە زیندوو بکەنەوە و کاریگەری لەسەر نەریتی چەق بەستووی دژە کورد دابنێن و خۆیان بسەلمێنن کە لەم نێوەدا ناکرێ باسی ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی حیزبی "ه.د.پ" نەکەین. بەڵام مەخابن بە کوشتنی دوو ژاندرمە لەلایەن باڵی چەکداری پارتی کرێکارانی کوردستان و هەڵەی دووبارە شەڕ هەموو هیواکان بوونە بلقی سەر ئاو و بەهانە بە ئەرتەش و ئەردوغان درا کە جارێکی دیکە هێرش بکەنەوە سەر کوردستان و چیاکان وەک ماڵی بەهێز و ئەمنی گریلا بۆمباران بکەن. هەر ئەوە وایکرد دۆزی ڕەوای کورد چەندین ساڵی دیکە وەپاش بکەوێ و هەتا ئێستاش شەڕ هەر بەردەوامە و چالاکانی بەرچاو و ناسراوی کۆمەڵگای مەدەنیش بەشی هەرە زۆریان گیران و ئێستا لە بەندیخانەدان بەجۆرێک

ولاتی تورکیە وەک مەزنترین زیندانی ڕۆژنامەنووسان پێناسە دەکرێ کە سەدا ٧٠ی گیراوانی کوردن.

# ڕۆژئاوای کوردستان

بچووکترین پارچەی کوردستان لە ڕووی حەشیمەتی و جوغرافیایی بەڵام هەستیار و نزیکتر لە هەموو پارچەکان لە ئاوی ئازاد!
ڕۆژئاوای کوردستانە(کوردستانی سوریە)، ئەو بەشە لە کوردستان کە وەک باکووری نیشتمان زۆربەی هەرە زۆری ئاخێوەرانی سەر بە لقی زمانیی کورمانجی سەروون هەتا ڕاپەڕینەکانی خەڵکی سوریا دەنگێکی ئاوایان نەبووە و لە شەڕی ساردی نێوان سوریە و تورکیا و تەنانەت ئیسرائیلیش کەڵکی نابەجێیان لێ وەرگیرا لەسەردەمێک دا تەنانەت ناسنامەشیان نەبووە و لە قۆناغێکدا کە پارتی کرێکارانی کوردستان درووشمی کوردستانی مەزنی دەدا هیچ جێگایەکی نەبوو(باشوور باکوور ڕۆژهەڵات یەک وڵات و یەک خەبات)کەلکاژۆی پ ک ک و دەستەڵاتدارانی سوریە و تورک لە کوردانی ئەو بەشەی نیشتمان وایکردبوو کە جگە لە چینێکی ڕووناکبیر کەس بڕوای بە هەبوونی کورد لەو بەشە نەدەکرد!
بەڵام ڕاپەڕینەکانی کوردستان و باقی ناوچەکانی دیکەی سوریە دەرفەتێکی زێڕینی بۆ کورد ڕەخساند و بە هاتنە ئارای شەڕی "داعش" وەک هێزێکی کاریگەر توانیان بە هاوکاری و پشتیوانی وڵاتانی هاوپەیمان ببنە هێز و زۆر ناوچەی کوردستانیان لەدەست خۆیاندا گرت و حکومەتێکی خۆسەریان دامەزراند و حیماسەی "کۆبانێ"شیان خولقاند. بەڵام دەستێوەردانەکانی تورکیا و ترس لە

بەدەستەڵات گەیشتنی کورد لەو بەشەی کوردستان وایکرد هێرش بکاتە سەر کوردستان و زۆر شار و ئاوایی بگرێ و بیداتە دەست هێزەکانی نزیک لە خۆی و دەستیان بە زوڵم و گرتن و کوشتنی هاونیشتمانییان و تەنانەت گۆڕینی دێمۆگرافیای ئەو ناوچانە کردووە، هەتا ئێستاشی لەگەڵ دابێ شەڕ و بەرگری و دانوستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەردەوامە و لەلایەکی دیکەش دەست تێوەردانەکانی پ ک ک و پارتی دێموکراتی کوردستان کۆمەڵگای بەش کردووە و بەداخەوە دژایەتی یەکتر دەکەن.

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و نەمانی سەرکردایەتی و لیدەرەکانی، لە کەشێکی بێدەنگ و نامۆدا سەری هەڵدایەوە و بە چالاکی و هەڵسووراوی خەباتکارانی جارێکی دیکە خەبات بە دژی سیستەمی پاشایەتی دەستی پێکردەوە، نیشتەجێ بوونی خەباتکارانی ڕۆژهەڵات لە باشوور و فەزای سیاسی و پێوەندییەکانی ئەوسەردەمی بزووتنەوەی کوردی باشوور لەگەڵ ڕێژیمی شا هەروەها کەشی خەباتی چەکداری و خوێندکاری لە ناوچەکە بووە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوە چەکداری ٤٦-٤٧ و دوڕگەی ئارامی ئێرانی شڵەژاند. بە هاتن و تەقڵی شۆرشی بوونی د.قاسملوو و ساغ کردنەوەی حیزبی دێموکرات خەباتی کورد لەو بەشە قوناغێکی نوێی دەست پێکرد کە لەگەڵ مێتۆدەکانی زانستی دیپلۆماسی سیاسی و تەنانەت نیزامیش دەگونجا، هاتنەوەی د.قاسملوو و خەباتی کورد بە سەرکردایەتی حیزبی دێموکرات گڕوتینێکی زۆری بەخەڵکی تێکۆشەر بەخشی و دواتر لە بەرەبەری شۆڕشی گەلانی ئێران دامەزراندنی ڕێکخراوی دیکەی وەک کۆمەڵە، دەستی پێکرد و کوردستان بێ خاوەن نەما، بەڵام دیالۆگ و دانووستان بۆ سەرەتاییترین مافی کوردان لەگەڵ حکومەتی ناوەند هیچ ئاکامێکی نەبوو و شەڕی سێ مانگە بەسەر کورددا سەپا و فتوای خومەینی

بۆسەر کوردستان و دەرنەهێنانی پۆتینەکان هەتا کۆتایی کێشەی کورد! خەڵکی کوردستانی تووشی شەڕێکی نەخوازراو و ماڵوێرانکەر کرد، بەڵام بەرگری هێزی پێشمەرگە و خەڵک پاشەکشەی کاتی بەوان کرد و دواتر دیسان بە فێڵ و تەڵەکە و گزی و درۆ و هێز، کوردستان دوای چەند ساڵێک کەلە دەستی هێزە کوردییەکان دابوو، بە پاساوی پاراستنی خەڵک و شارەکان لە شەڕ و ماڵوێرانکاری کەوتەوە دەست حکومەت و هەتا ئێستاشی لەگەڵ دابێ ساڵانە بە سەدان کەس دەسبەسەر دەکرێ و لەسێدارە دەدرێن و دەکوژرێن. تیرۆری ڕێبەرانی شەهید (د. قاسملوو لەسەر مێزی وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی و د.شەرەفکەندی لە بێرلینی ئاڵمان) توانی سەرکردەی لێهاتوو و شارەزا و زانا لە کورد بستێنێ و خەباتی ئەم بەشەی کوردستان بەرەو نادیار بەرێ، هاتنەخوارەوە لە چیاکان و داگەڕان بەرەو دەشتەکانی کۆیە و بەگشتی باشوور هێزی پێشمەرگەی لاواز کرد و لە نیشتمان دوور. لەت بوونەکانی نێو ڕێزەکانی دێموکرات و کۆمەڵە لە گەورەترین خەسارەکانی سەردەمی کەمپ نشینین کە چارەسەریان سەخت و دژوار(بەڵام کارێک نییە نەکرێ)

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بە دوور کەوتنەوەی حیزبەکان لە جەماوەر زاڵبوونی دەسەڵاتی داگیرکەری ئێران بە سەر کوردستان دا ئاسمیلە کردن لەو بەشە بە چڕی کاری لەسەر کرا ، چاندنی فەرهەنگی خۆکەمبینی و شانازی بە زمانی نەتەوەی باڵادەست

وای کردوە لە نێو جەرگەی شارە کوردیەکاندا بەشێکی زۆری منداڵان لە ناو بنەماڵاشدا زیاتر وشە فارسیەکان لە ماڵەوەش بەکار بێنن بە شێوەیەک کە منداڵانمان وشە بێگانەکانیان لا شیرینتر بێت و بنەماڵەکانیانان شانازیان پێوە بکەن  کە ئەم دیاردەیە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیە و بە شێوەیەکی زەق و بەربڵاو لە بەشەکانی تری کوردستانیش بەرچاوە ، لە باکووریش لەگەڵ ئەوەی هەلی فێربوونی زمانی دایکی تا ڕادەیەکی زۆر ڕەخساوە بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئاخافتنەکان بە زمانی تورکی دەکرێت و بەردەوامیشی پێ دەدرێت.

بە پێی پلانی تۆکمەی کوماری ئیسلامی  بڵاو کردنەوەی مادەی هۆشبەر بە بەربڵاوی لە کوردستان  ئاسانکاری بۆ دەکرێ و ڕادەیەکی زۆری گەنجان و لاوانی کورد ئالوودەی مادە هۆشبەرەکان کراون. ڕێڕەوی ئاو و ڕوبارەکانی کوردستان دەگۆڕدرێت و دەبرێتە ناوچەکانی تر، جوتیاران و خەڵکی کوردستان لە سەرچاوە ئاویەکانی خۆمان بێبەری دەکرێن، ژینگەمان دەشێوێدرێت. پرۆسەی ژینوسایتی نەتەوەیی بە خشکەیی ڕێڕوەی خۆی پێدراوە.

ئەگە بمانهەوێ خەسارناسییەکی بزووتنەوەی کورد بەگشتی لە
هەرچوار بەشەکەی بکەین دەبێ بڵێین بەر لە هەموو شتێک کورد
بەداخەوە نەیتوانیوە لەگەڵ یەکتر بگونجێت و هەرکام لە هێزەکان
خۆیان بەسەر ئەوەی دیکەدا فەرز کردووە و یەکێتی و
یەکگرتوویی هێزەکانی کورد بۆ مافی کوردان و دژایەتی
هاوبەشیان لەگەڵ دەستەڵاتەکانی ناوەند لەوپەڕی بێ بەرنامەیی و
پەرتەوازەیی دابووە. سرووشتییە ئەگە هێزەکان یەکگرتوو نەبن و
خاوەن گوتارێکی هاوبەش نەبن خەڵک و کۆمەڵگاش سەری لێ
دەشێوێ و بێ هیوایی و ئاڵۆزیی سیاسیی باڵ بە سەر کۆمەڵگا دا
دەکێشێت.

لەلایەکی دیکەشەوە بەهێز بوونی حکومەتەکانی ناوەندی دژەکورد
و یەکگرتنیان لەبەرامبەر دۆزی کورد ئەوان و هەڵوێستەکانیانی
زۆر قایم وپتەو کردووە و نەزمی نوێی جیهانیش بەهیچ شێوەیەک
شەرعییەت بە گەلانی چەوساوە نادات(ئەوەتا وڵاتی سووریە تەنیا
چوونکە وڵاتێکی بە قەولی ئەوان سەربەخۆ بووە و هیچی تر،
لەگەڵ ئەوەیکە سەدان هەزار کەس کوژران و میلیۆنها مرۆڤ
ئاوارە بوون و دەیان شار و ئاوایی وێران بوون دیسانیش دانیان
بەو حکومەتە کوردییە و ناڕەزایەتی خەڵکی سوریە نەنا و بەشار
ئەسەد هەر لەسەر دەستەڵات مایەوە)

لەم نێوەدا ئێمە وەک تاکێ کورد ئەگە بمانهەوێ وردتر باسی کورد بە گشتی لەم قۆناغەدا بکەین خاڵە لاواز و بەهێزەکانی خەباتی ڕزگاریخوازانەمان بێنینە بەر باس، دەبێ بڵێین: کورد جیا لەوەیکە زۆر بڵاو و ناڕێک و چەند بەشە و حکومەتەکانیش بەهێز و دڕن، بەڵام کۆمەڵگای کوردستان نیشانی داوە بەردەوام لە مەیدان دایە و بۆ بۆنە نەتەوەییەکان و حیزبییەکان پشتیوان و یارمەتیدەرە(دوامین نمونەی لە ٢١ی خەرمانان بوو کاتێک بە مووشەک هێرش کرایە سەر بارەگاکانی حیزبی دێموکرات و مەخابن چەندین شەهید و برینداری لێکەوتەوە، خەڵک بۆ پشتیوانی لە حیزب و ناڕەزایەتی بە دژی ئەم کارەی سپا، لە زۆربەی شارەکان دووکان و بازار داخران و خەڵک مانیان گرت، ئەمە لە جۆری خۆیدا باشترین و کاریگەرترین هەڵوێستی مەدەنی خەڵک بووە یان لە بۆنەکانی نەورۆز خەڵک بە جامانە و جلی کوردی و شایی و هەڵپەرکێ دژی سیاسەتی ڕێژیم دەوەستنەوە و کاروچالاکی دەکەن.) لەلایەکی دیکەشەوە کورد لەو بەشە نەیتوانیوە دوای هەردووک شەهیدی دوکتور، لۆبیگەری بکا و سەرنجی خەڵکی سیاسی لە وڵاتانی دەرەوە بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و بەردەوام لە کەشێکی ترس و باوەڕ بەخۆ نەبوون ماوەتەوە.

دۆخی ئێران و پێوەندییەکانی لەگەڵ ئورووپا بەتایبەت دیالۆگی وڵاتانی ٥ کۆ ١ لەسەر پرسی ئەتۆمی ئێران (بەرجام) هەموو چاوەکانی بەرەو لایەکی دیکە ڕاداشتووە و کەس لە بیری نەتەوە

بندەستەکانی ئێران و پێشێلکارییەکانی بەردەوامی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە بەڵا لێدراوە نییە و وڵاتانی ڕۆژئاوایی تەنیا لە بیری بەرژەوەندی خۆیانن و بزووتنەوەی سیاسیش چاو لەدەستی خێر و کەرەمی ئەوانە! لەم نێوەدا ئاستی وشیاری خەڵک بەتایبەتی لە بەستێنی ناسیونالیزمی کورد هەتا ڕادەیەکی باش چووتە سەر و بۆنەکانی جێژنی نەورۆز ئەم قسەیە پشت ڕاست دەکاتەوە وێڕای ئەوەیکە گوتاری کۆمەڵگای مەدەنیش بەردەوام بەرەو ناسیونالزمێکی لۆژیکی و زۆر جاریش تۆخ دەچێ و برەودان بەم پێواژۆیە وەک نەریتێکی شۆڕشگێڕانەی لێ هاتووە کە بەشێک لە حیزبەکان هەوڵ دەدەن خۆیانی لەگەڵ ڕێک بخەن.

هەر لەو چەند ساڵەی دوایی دا بە هەست کردن بەم گوتارە نوێیە کۆمەڵێک ڕێکخراو و حیزب دامەزراون کە فەلسەفەی دامەزراندنی خۆیان بۆ لایەنی ناسیونالیستی دەگێڕنەوە و بانگەشەی وڵاتێکی سەربەخۆ دەکەن و بوێرانە دەنگیان هەڵبڕیوە بەڵام چوونکە خەڵک بەو هۆیانە کە باس کرا لەو جۆرە حیزبانە نامۆیی دەکەن و لە باری کەمایەتیەوە بەرچاو نین و نەیانتوانیوە خۆیان بکەنە هێز بۆیە لای خەڵک دیار نییە هەتا چەندە دەتوانن خۆڕاگر بن. لەلایەکی دیکەش قورسایی هێزە سەرەکیەکان وەک حیزبێ دێموکرات و کۆمەڵە وایکردووە هەتا ئێستا خەڵک و

کۆمەڵگا زۆر ئۆگری ئەو درووشمانەیان نەبێ. ڕابردوو و مێژووی پڕ سەروەری حیزبە سەرەکیەکان، کەسایەتی ناسراو و مەزنی سەرکردایەتی، ڕوحییەی گیان بازی و خۆفیداکردن بۆ گەل و نیشتمان و هەزاران شەهید هەروەها سەداقەت و ئەخلاقی شیاو لە پێناو خواستێک کە لە ڕاستیدا پچوک کردنەوەی خواستی نەتەوەییە بۆ پلەیەکی  زۆر نزم و بە فیڕۆدانی هێز و پوتانسیلی نەتەوەییە لە پێناو دیموکراتیزە کردنی وڵاتی داگیرکەر ، ئەمەش لە خۆیدا داننانە بە پارچە پارچە کردنی کوردستان و ئەو واقیعە داسەپاوەی داگیرکەرانی کوردستان بە دوور لە ویستی ئێمەی کورد بە سەر خاکی پیرۆزمانیاندا سەپاندوە. ئەم خۆ بە (ئێرانی ، عێراقی ،سوری و تورکی) زانینەش تۆوی نەیارشەیدایی لە نێو نەوەکانماندا چاندوە . ئەو خاڵانەی وا لە سەرەوەش باس کرا بەرهەمی هەر ئەو نەیارشەیداییانەیەکە لە ئەزموونی زیاتر لە حەفتا ساڵی ڕابردوودا نەیتوانیوە دەسکەوتێکی ئەوتۆی بۆ نەتەوەی کورد هەبێت.

ئەم هۆیانە وایان کردووە لەگەڵ هەموو ڕەخنەکان کە لەسەر ئەو حیزبانە هەن، هەر ئەوان مەیدان دار بن و جارێ هیچ هێزێکی جێگرەوەی ئەوان لەو ئاستەدا لە ئارا دا نییە. لەلایەکی دیکەشەوە دوو هێما بۆ بەهێز بوونی ڕێکخراوێک؛ هێز(هێزی نیزامی) و ئابووری وەک داینەمۆی جوولانەوەکان لەسەردەمی ئێستادا زۆر پڕبایەخە بەڵام هێزەکانی تازە دامەزراوی

سەربەخۆییخواز مەخابن لەم دوو بەشە لاوازن، هەروەها نەبوونی ئەو دوو هێمایە وای کردوە کە حزووری ئەو ڕێکخراوانە کە وێژمانێکی تۆخی ناسیونالیستییان هەیە زیاتر لە دنیای مەجازییەوە و کەسایەتییەکانیان لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بن ، ئەم لایەنە سەربەخۆیی خوازانە دەبێ ببنە خاوەن هێز لە ناوخۆ یان لانیکەم چالاکیان لە نزیک نیشتمان دابێ، گورز لە دوژمن بوەشێنن و لەناوخۆدا هاوکار و یارمەتیدەر بن بەو کەسانەی هاوکارییانن لەبواری تەشکیلاتییەوە بەتایبەتی کەرەسەی جۆراوجۆری وەک کۆمپیوتەر، چاپگەر و چەک و ... بۆ دابین بکرێ بە مەبەستی جۆراوجۆری تەبلیغی. جگە لەمە دەبێ بە نووسینەوەی مانیفێستێکی تۆکمەی زانستی خۆیان بناسێن و کاروچالاکییەکانیان بە میدیایی بکەن.

لە باکووری کوردستان لەگەڵ ئەوەی زیندانەکانی وڵاتی تورکیە پڕە لە چالاکوان و کەسایەتە تێکۆشەرە کوردەکان بە تایبەی لایەنگران و کەسایەتی ئاکتیڤەکان و ئەندام پەرلمانانی کورد کە بە دەنگی ڕاستیی خەڵک گەیشتونەتە ئەو پێگە و شوێنە. هەر دەنگێکی ناڕازی بە ئەشکەنجە و زیندان وڵامی دەدرێتەوە لە هەر چەشنە پلە و پایەیەکدا بیت. بەڵام پەرلمانتارانی کورد و چالاکوانان نەترسانە دەنگی مافخوازی خۆیان بەرز دەکەنەوە خەڵکی کوردیان بەو ئازایەتی لەخۆبردووییەیان سەرسام کردوە.

پارتی سەربەخۆیی کوردستان
INDEPENDENCE PARTY OF KURDISTAN

لە ڕۆژاوای کوردستان لەگەڵ ئەوەی بۆتە مەیدانی دژایەتی و ساغکردنەوەی چەک و چوڵی زلهێزان و لە پێناو
بەرژەوەندیەکانیان لە سەر خاکی کوردان بەرابنەر بە یەک وەستاون، یەک لە گەورەترین هێزی ئەرتەشی سەر بە ناتۆ هەر ڕۆژە و بە بیانویەک وڵاتمان دەسووتێنێت و داگیری دەکات، دار و دەوەن و ڕەزی وڵاتمان دەسوتێنن، دار زەیتونی وڵاتمان لە ڕیشەوە دەردێنن و دەیدزن بەڵام قارەمانانە بەرگریان کردوە کچانی کورد بوونە ئەفسانەی بەرگری لە کۆبانی و عفرین. لەگەڵ هەموو کەم و کوڕیەکان خەڵک پشتی بەڕیوەبەری خۆسەریان گرتوە.

لە باشووری کوردستان هەروەک لە سەرەوە باس کراوە لەگەڵ هەموو کەمو گوڕی و دژایەتیەکان لەگەڵ حکومەتی هەرێم
دیسان لە ڕیفراندۆمی ١٧ی ئوکتوبری ساڵی ٢٠٢٠ زیاتر لە ٩٣ لەسەدی خەڵک دەنگیان بە سەربەخۆیی دا.

یەک لە کەرەسە هەرە بەهێزەکانی جیهانی پێشکەوتوو ئەمرۆکانە ڕاگەیاندنە کە بزووتنەوەی کوردی وێڕای هەبوونی چەند کاناڵێک کە لاوازن و یەک دوو کاتژمێر چەند بەرنامەیەکیان هەیە، هیچ ڕاگەیاندنێکی بەهێز بوونی نییە. دامەزراندن و برەودان بە کاناڵێکی میدیایی بەشێوەیەکی پڕۆفیشناڵ یەکجار زۆر کاریگەرە کە

دەتوانی سیاسەتەکانی ئەو ڕێکخراوانە بباتە هەموو ماڵێک.
بەشداری لە تەلەفزیۆنە جۆراوجۆرەکان و قسە کردن و دیالۆگ و چاوپێکەوتن نەک هەر بە زمانی کوردی بەڵکوو بە هەموو زمانێک کە داگیرکەرانیش باش لەم وێژمانە نوێیە تێبگەن بە مەبەستی زیاتر خۆناساندن و هەوڵ دان بۆ سەرخستنی گوتاری ناسیونالیستی، پێکهێنانی بەرەیەک بە بەشداری هەموو ئەو ڕێکخراوانەی خوازیاری سەربەخۆیین لە پێناو درووست کردنی ڕایەڵکەیەکی لۆژیکی سەربەخۆییخوازی. دروست کردنی پارتنێر و لۆبی لە وڵاتانی زلهێز ودانی ئیمتیاز بە یەکتر بۆ پشتیوانی. بەگشتی دەتوانین بڵێین ئەگە ئەم ڕێکخراوانە دەخوازن لەناو بزووتنەوەی کوردی دا دەرکەون و شان لە شانی هێزەکانی دیکەی مەیدان بدەن دەبێ بەشێوەیەکی کردەیی حزووریان هەبێ و هێزیان هەبێ، چالاکی جۆراوجۆری میدیایی و ئابووری و نیزامی بکەن لە هەمان کاتدا لەناوخۆ چالاکی پێشمەرگانە بەڕێوەبەرن و گوتاری نوێ بخولقێنن.

هەوڵدان بۆ دامەزرانی بناغەی ئەرتەشێکی ڕزگاری نیشتمانی کە هەموو چین و توێژەکان و ڕێکخراو و لایەنێکی سیاسی خۆی تێدا ببینێتەوە تا لە ئەگەری ئاڵوگۆڕی کوتوپڕی ناوچەیی هەرێمی و جیهانی لەو قۆناغە پڕ لە قەیرانەدا وا دنیای پێدا تێپەڕ دەبێت و

ڕەخسانی هەر هەلێکی مێژوویی وەک شەڕی کەنداو و داگیرکردنی عێراق و ئەو هەلەی لە باشووری کوردستان هەڵکەوت، ئێمەش جارێکی تر بەو ئەزموونە پڕ لە هەڵە و سەرنەکەوتووەدا نەڕۆینەوە و مێژوومان لێ دووپات نەبێتەوە.